# گفتوگۆ لەگەڵ عبدالله محمود

## یادکردنەوەی لێنین ئاکسیۆنێکە کە ئەو بزووتنەوەو ئینسانانە ئەیکەنەوە کە ڕوویان لە ئایندەیەکی بەختەوەرو ئازادە

ئامادەکردنی: جبار محسن

- **تۆ پێت وایە کە پێویستە لێنین یادی بکرێتەوە؟ وە بۆچی؟**

عبدالله مەحمود: ئەمرۆ و ئەم سەردەمە یادکردنەوەی لینین لەهەموو کاتێك پێویسترە. بەوهۆیەوە کە هەرواهۆریای کۆتاییهاتنی کۆمۆنیزم و مارکسیزم و لینینزم و ئەو درۆ زەبەلاحانەی بورژوازی کە لەئاکامی شکستی سۆسیالیزمی درۆینەی دەوڵەتیدا ئەیدا بەگوێی بەشەریەتدا و بانگەشەی دنیای سولح و سەفاو ئاشتی کۆتاییهاتنی دیکتاتۆریەکان و ... پوچی خۆیان لەهەموو گۆشەو کەنارێکی دنیاو لە هەموو زەمینەکانی ژیانی ملیاردها ئینساندا، بەکردەوە نیشاندا. ئەمە ئەگەر لەلایەك ڕیسوایی هێرشی نەخشە بۆکێشراوی نزیك بە نۆ دەهەی بۆرژوازی بۆسەر کۆمۆنیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دەسکەوتەکانی نیشاندەدا، ئەوا لەلایەکیترەوە پێداویستی لینین و کۆمۆنیزم و ئۆکتۆبەرێکی تری بۆ بەشەریەتی ئەم سەردەمە کردۆتە پێداویستیەك کە کۆمۆنیستەکان و مارکسی و لینینیەکان کەوتۆتە ئەستۆیان. جگە لەمەش هەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان ڕابەران و کاریزمان بزوتنەوەکانی خۆیان یاد دەکەنەوە و ڕێزی لێدەگرن، تەنانەت پەروەندەسازی بۆدەکەن. مێژووی ناڕاست بەباڵایان دەبڕن. شکستەکانیان بەسەرکەوتن نمایش دەکەن و نیشانی دنیای ئەدەن. پارەی خەیاڵی سەرف زیندوهێشتنەوەو کۆپیکردنەوەی کەسایەتیەکەیان دەکەن....تاد، ئینسان کاتێك ڕابەرانی واقعی ئەم بزوتنەوانە بەراورد دەکات لەگەڵ ڕابەرانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری و پێشکەوتنخوازی دنیا، کەسایەتی وەکو لینین، ئەوکات دەتوانێ بزانێت ئینسانە گەورەکان کێن.

لینین یەکێکە لە کەسایەتیە سیاسی و مارکسیستییەکانی سەدەیەکی دیاریکراو، سەدەی بیستەم. سەدەیەك کە ئەو توانی مۆر بدات لەهەموو هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و ئیداری و تادەگاتە پەیوەندی نێودەوڵەتی و پێناسەکردنەوەی هەموو ماف و ئازادیەکان و سەرجەم فۆرمۆلبەندیەکانی دنیا. *ناوی لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەپاڵ ناوی مارکسدا، تا ئەم ساتە وەختە مێژوویە ناسراوترە لە ڕابەران و شەخسیەتە سیاسییە لۆکالی و سەراسەریەکانی سەرجەم بزوتنەوەکۆمەڵایەتیەکانی دنیا.*

دیارە کەسێك ئەگەر ئەو نەخشەی سەراپا جیهانداگرەی بووبێت و گەورەترین ئاڵوگۆری لەمێژووی بەشەریەتدا تومارکردبێت و حزبی وەکو وەسیلەی ئاڵوگۆڕی ریشەیی پێکهێنابێت و شۆڕشی کرێکاری بەرپاکردبێت و گەورەترین و دڕندەترین نیزامی سیاسی و دەسەڵاتی لە لەشەش یەکی گۆی زەویدا خستبیت، و دەسەڵاتی سەرجەم بێبەشانی داسەپاندبێت، نەك پێویستی بە یادکردنەوە بەڵکە پێویستی بە گەورەترین لێتوێژینەوە هەیە، پێویستی بە کردنەوەی چەندین قوتابخانە هەیە بۆ دەرسکردنەوەی بۆچونەکانی و فێربوونی پراکتیکەکانی.

لینین کاتێك لە چوارچیوەی مێژووی خۆیدا وەکو کەسایەتیەك و بیرمەندێکی گەورەی مارکسیستی دەبێتە شوێنی باس و گفتوگۆو یادکردنەوەو هەڵدانەوەی کارنامەو بۆچونەکانی، ئەوکاتە ئینسان تێدەگات چ ئینسانیکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە، چ روئیایەکیشە بۆ داهاتووی بەشەریەت.و چ پێویستیەکە بۆئەمرۆ. چونکە یادکردنەوەی لینین ئاکسیۆنێکە کە ئەو بزوتنەوەو ئینسانانە ئەیکەنەوە کە ڕوویان لە ئایندەیەکی بەختەوەرو ئازادە. بۆیە یادی لینین تەنها گێڕانەوەی بیرەوەریەکی مێژووی نییە، بەڵکە لەوەزیاتر ڕوانینە لە تەجروبەیەکی گەورەو شکۆدار بۆ ئایندەیەك کە ئینسانەکانی خوازیاری عەدالەت و خۆشبەختی و ئازادی ئەم سەردەمەو نەوەکانی داهاتوو بەدوایدا وێڵن.

دنیای بێ لینین و بزوتنەوەی بەهێزی کرێکاری و سۆسیالستی، دنیای بێ حزبی لینینی، دنیای بێ پراکتیکی کۆمۆنیستی لینین و ..... دنیایەکی سەرەو خوارو پڕ کوێرەوەریە. ئێوە تەماشاکەن و بیهێنە بەرچاوتان ئەگەر لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەبوایە، شەڕی بۆرژوازی بۆدابەشکردنی سەرلەنوێی دنیا لەنێوان زلهیزەکانی ئەو کاتەدا چەند ملیۆن قوربانی تری دەویست؟ دەبوا چەند خوێنیتر بڕژێت بۆئەوەی کەمکردنەوەی سەعات کار بۆ 40 سەعات داسەپێنرایە، و بۆرژوای چەند کارگەو کارخانەی خەڵتانی خوێن کردبا بۆوەستانەوە بە ڕووی خواستێکی ئاوا سادەدا. یان ئەگەر لینین و ئۆکتۆبەر نەبوایە دەبوو چەند دەهە و چەند دەورەیتر تێکەڵاوبوونی ڕەش پێست و سپی پێستەکان بە یاسای قەرەقوشی بۆرژوازی قەدەغەکرابا. ئەگەر لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەبوایە دەبوو چەندین دەهەی تر ئازادی سیاسی و کۆبونەوەو مانگرتن و خۆپیشاندان و ئازادی بیروباوەر، و جیایی دین لەدەوڵەت و پەروەدەو فێرکردن، ئازادی ڕاگەیاندنی دژی دینی و دینداری، حەقی هاوڵاتیبوون بێگوێدانە دین و میللیەت و ڕەگەز .... بەدی هاتبا. بەڕەسمی ناسینی ماف میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، تا مەسەلەی حەقی پەنابەری، و ماف دەنگدان بۆ هەمووان، یەکسانی ژن و پیاو، ماف بەساڵاچوان و مناڵان، حەقی خوێندن و فێربوونی خۆرایی، حەقی نیشتەجێبوون و خانەولانە، بیمەی بێکاری، هاوخەباتی و هاوچارەنووسی..... تادەگات بەباسی بەرابەری و یەکسانی وحکومەتی شورایی، هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی چ پێویست بوایە؟ ئەمانە هەموویان بەرهەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو نەخشی ڕابەری لینینە. ئێوە تەماشاکەن *دوای نزیك بە 90 ساڵ بەسەر تێپەربوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، ئێستاش بۆژوازی لە ناوجەرگەی دنیای تەمەدونی بەناو غەربیدا نەیتوانییوە ئەو ئازادی و مافانە دەستەبەربکات کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بەڕابەری لینین دەستەبەری کرد.*

بۆیە لینین کە ڕەمزی گەورەترین ئاڵوگۆڕ لەهەموو زەمینەکان و لایەنەکانی ژیانی بەشەریەتی ئەم گۆی زەویەدایە بەئاقاری ئازادی و خۆشبەختی بەرابەریدا، پێویستی بە یادکردنەوەیەکی خەباتکارانە هەیە.

- **ئەو دەرس و تەجروبانەی لینین چین کە پێویستە کرێکاران و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە بەرچاوی بگرن لەمرۆدا و جەختی بخەنەوە سەر؟**

عبدالله مەحمود: ڕاستیەکەی دەرس و تەجروبەکانی ئۆکتۆبەرو لینین و نەخشی ئەو لەم شۆڕشەو لەوەش واوەتر لەسەر بەشەریەت وە بۆ چینی کریکارو کۆمۆنیستەکان و بزوتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستی هێندە زۆرە، کە لێرەدا ناکرێت و بواری ئەوەمان نییە بەدرێژی باسیان بکەین، بۆیە من لێرەدا ئاماژە بەگرنگترین دەرس و تەجروبەکانی ئەکەم.

یەکەمین دەرسێك کە لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر نیشانی بزوتنەوە کریکاری و کۆمۆنیستی وچەپ و دنیایاندا ئەوە بوو کە مارکسیزمی لە مەیدانی پراکتیکدا بە کردەوە دەرهێنا،و نیشانیدا کۆمۆنیزم و بنیاتنانی کۆمەڵگای سوسیالستی و کۆمۆنیستی خولیاو خەیاڵێك نییە و کارێکی عەمەلییە.

وە ئەوەی کە بۆرژوازی دەوڵەتکردن و ئیشکردن لە بواری دەوڵەتی کردبوو بە کاریکی ئاڵۆز، وە بەکاری خەڵکی متەخەسیس و دیاریکراوی دەزانی و بۆدورخستنەوەی چینی کرێکار لەخەباتی سیاسی و دەستبردنی بۆشورش و ئەوەی بەخەیاڵ لەقەڵەمئەدا کرێکار دەسەلات بگرێتە دەست، دەوڵەت بەدەستەوەبگرێت و بەڕێوەی بەرێت. شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەم درۆ زلەی بەکردەوە، بەمێژوو سپارد.

لینین و و حزبی لینینی لەجێگای شۆرشی میللی و وولاتی، شۆڕشی کرێکاری بەناوەڕۆکی ئەنتەرناسیونالستی بەرپاکرد، وە بەکردەوە هاوپشتی و هاوچارەنووسی چینی کرێکارو بەرژەوەندییە سەراسەری و گشتیەکانی چینی کرێکاری کردە مەبنای شۆڕش. ناسنامەی میللی و دینی و ڕزگاری خاك و سەرزەمینی میللی و نەتەوەیی و کەلتوری هیچ جێگایەکیان لە ناو ئەم شورشەدا نەبوو، لەجێگای حزبی میللی و نەتەوەیی، حزبی پێشرەوی چینی کرێکارو شۆرشی کرێکاری پێکهێنا، هاوچارەنووسی چینی کرێکاری نەك هەر لەڕوسیا بەڵکە لەدنیادا کردە مەبنای خەباتێکی ئەنتەرناسیونالستی. وە نیشانیدا کە چۆن سەرمایەدان و دەوڵەتەکانیان سەرباری کێشمەکێشی نەپساوەی واقعی نێوان خۆیان بۆ بردنی دەست ڕەنجی زیاتری چینی کریکاو قازانج پەرستی،کە لەنێوان خۆیان هەیانە، بەڵام بۆ سەرکوتی چینی کرێکارو شۆڕشی حەقخوازانەیان دەست ئەخەنە ناودەستی یەکترو لە هیچ پیلانێك درێغی ناکەن. لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەبەرامبەردا هاوچارەنووسی چینی کرێکاری جیهانیان کردە بناغەیەکی پتەو. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە بەهۆی بەردەوامی جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەمارگیری نەتەوەیی و بەرگری لە نیشتمان و بۆرژوازی خۆ وولاتی تەواوی ئەوروپای ئەوکاتەی داگرتبوو. زۆربەی حزبە لیبرال و سۆسیال دیموکراتەکان، لەژێرناوی بەرگری لە نیشتماندا کەوتبوونە بەرگریکردن لە بۆرژوازی وولاتی خۆیان. لەناو دڵی ئەم هەلومەرجەدا لینین و حزبی بۆلشویك ڕیزی سەراسەری چینی کرێکارو هاوپشتی و هاوچارەنووسی جیهانی چینی کرێکاریان نوێنەرایەتی کرد.

ناسینی ووردی هەلومەرج و تەشخیس دانی گرفتە بناغەیەکانی کۆمەڵگاو چونیەتی کۆکردنەوەی چینی کریکار و خەڵکی ستەمدیدە لەدەوری و پێکهنانی هاوپەیمانیەتی لە نێوان کرێکاران و باقی توێژە بێبەشەکانی ئەو سەردەمەدا، یەکێکیتر لەو دەرسە بەنرخانەیە کە دەبێ حزبە لینینیەکان لە خەباتیاندا بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری و کۆمۆنیستی بەدەستیەوە بگرن، لینین لەڕاستای هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی لەڕیگای شۆڕشی چینی کریکارو و بێبەشانەوە بۆ بەرپاکردنی کۆمەڵگای سۆسیالستی، سەرەکیترین گرفتەکانی کۆمەڵگای روسیای بەدەستەوە گرت کە کۆمەڵگای داگرتبوو، لینین کەدەیبینی ڕۆژانە کلور کلور ئینسان لەجەنگدا دەسوتێن و کەمئەندام ئەبن و خەڵکی هەراسانی درێژەکیشانی جەنگ بوو، دروشمی ئاشتی و لەکاتێکدا برسێتی برستی لە زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگا بریبوو، دروشمی نان و لەوەختێکدا سەرکوتی بێپەردەی سیاسی و نەبوونی ئازادی بەمانای تایبەتی و گشتی ووشەکە، ئازادی پەلبەست کردبوو، دروشمی ئازادی و بەم شێوەیە دروشمی " نان ئاشتی و ئازادی " بەدەستەوەگرت و بە بەدەستەوەگرتنی ئەم دروشمانە کە خواستی هەرەزوربەی خەڵکی بێبەشی روسیا بوو توانی خەڵکی روسیا بۆ شۆڕش و ئاڵوگۆڕ لە دەوری ئەم خواستە سەرەکیانە ڕێکبخات.

بزوتنەوەی شورایی و دەسەڵاتی شورایی یەکێکیتر بوو لەو سیستمە سیاسی و ئیداریەی کە لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆیەکەمین جار لەبەرامبەر سیستەمی پەرلەمانی بۆرژوازیدا دایمەزراند و دەسەڵاتی زوربەی بۆ بەڕێوەبردنی وولات چ بەوێنەی دانەری یاساکان و چ بەوێنەی بەڕێوەبردنی یاساکان، جێگیر کرد. وە نیشانیدا کە سیستەمی شورایی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و بە پێچەوانەی بانگەشەی بورژوازییەوە نەك هەرکارێکی دووره دەست وئاڵۆز نییە، کاری جەماعەتیکی دەوره دیدەی تایبەت نییە، بەڵکە کارێکی ئاساییە و سادەیە و هەموو کەسێکی سەرو تەمەن 18 ساڵ دەتوانی بەشداری تیا بکات.

لەگەڵ لە دەسەلات هێنانەخوارەوەی بۆرژوازی کۆنگرەی دووەمی سەراسەری شوراکان، بریارنامەیەکی ڕوو بە کرێکاران و بێبەشانی ڕووسیا ڕاگەیاند، یەکێك لەبەندەکانی بریتی بوو لەمەسەلەی دیاریکردنی حەقی دیارکردنی چارەنووسی میللەتەکانی بەدەست خۆیان.

دیبلۆماسی نهێنی هەڵوەشاندرایەوە و هەموو ڕیکەوتننامە نهێنیەکان بلاوکرانەوە، و بەئاگاداری کۆمەڵ گەیەنران، حەقی پەناهەندەیی بۆیەکەمین جار بەهەموو مافێکەوە کە خەڵکی روسیا هەیبوو درا بەهەرکەسێك کە لەو وولاتەدا بوو. بەکورتیەکەی دەرسەکان و دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە لینین ڕابەری کرد هێندە زۆرن و هەموو زەمینەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداری و ئابووری و حقوقی لە ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا دەگرێتەوە. بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم دەسکەوتانە دەکرێت دەستوری ئەساسی کەدوای چەند مانگ لە پێکهێنانی حکومەتی شورایی پەسەندکرا، بە شێوەیەکی هەمەلایەنە دەسکەوتەکان و تەجروبەکانی ببینرێت. لێرەدا بانگەوازی هەموو خەباتکارنی کۆمۆنیست و خەڵکی ئازادیخواز ئەکەم کە ئەم سەنەدە بخوێننەوە.

- **یەکێک لە باس و مەسەلە گرنگەکانی لێنین کە کۆمۆنیزمی پێ دەوڵەمەند کردوو واداری کرد عەمەلی بکاتەوەو بە شۆڕش بگات حزبی کۆمۆنیست بوو. حزبێک کە بەبێ  بوونی ناتوانرێت شورش بکرێت و خەباتی چینایەتی کرێکار بگاتە ئامانجی خۆی. تۆ ئێستا یەکێکیت لەوانەی کە لە دەستەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندایت. چەندە توانیوتانەو هەوڵتان داوە حزبێک پێکبهێنن کە لەو مۆدێلەی حزبەکەی لێنین بێت؟ ئەگەر بکرێت کەمێکیش باسی ئەو مۆدێلەی لێنین بۆ حزبمان بۆ بکەیت.**

عبدالله مەحمود: ئێمە هەموو هەوڵمان ئەوەیە کە حزبێکی مارکسی لینینی پێکبهێنین، بەڵام دەبێ بزانین کە دەڵێن حزبی لینینی مەبەستمان ئەوەیە کە کەحزبێك بێت وەڵامی زەمانە بداتەوە. مۆدیلی حزبی لینینی ئەوە بوو کە وەڵامی زەمانی خۆی و ئەرکەکان و گرفتەکانی کۆمەڵگای خۆی دایەوە و بۆیە توانی چینی کرێکار سازبدات و شۆڕش  ڕێکبخات و ڕابەری بکات، ئێمەش دەمانەوێ لەم مۆدیلە دروست بکەین. ئەومۆدیلەش بریتییە لە پێکهێنانی حزبێکی سیاسی مارکسیستی پراکتیکی و کۆمەڵایەتی، ئەنتەرناسیونالست و سازشهەڵنەگر لەگەڵ بۆرژازی و ڕژێمەکانیان، ڕۆشن و ئاوێزان لەگەڵ نارەزایەتیەکانی چینی کرێکارو خەڵکی بێبەش، خاوەنی تەشخیسی دروست بۆ ڕوداوەکان و هەلومەرجەکانی خەبات، ناسینی شێوازەکانی گەشەو پێشڕەوی، حزبی دەست و برد و ئامادە لەهەموو نەبەردەکانی خەباتی چینایەتیدا بەرامبەر بە دیاردەو ڕووداوەکان و بەرامبەر بە بۆرژوازی و ڕژێمەکەی، هاوکات حزبێکی توندۆتۆل، بەرچاورۆشن مۆدێرن، شەفاف و بەدیسپلین، شۆڕشگێرو میلتانت،خاوەن ڕابەرییەکی کۆمۆنیست و پراکتیکی ، .....تاد ئەمانە هەموویان مۆدیلی حزبێکی شۆڕشگێری شێوە لینین.

- **دوا ووتەت،  پەیامت بەم بۆنەیەوە چییە؟**

عبدالله مەحمود: من لەم یادەدا بانگەوازێکم هەیە، بانگەوازەکەشم ئەوەیە کە بۆ بەرزراگرتنی یادی لینین، لەکاتێکدا بۆژوازی تا ئێستا بە نیشاندانی ئەوەی کە ستالینیزم ودرێژکراوەی لینینزمەو دەیەوێ لینین لەچاوی دنیادا ناشیرین نیشانبدات و نەخشی ڕزگاریخوازانەو ڕابەری ئەو بۆ ڕزگاری و کۆتاییهێنان بەهەموو چەشنە چەوساندنەوەو نابەرابەریەك، بە دیکتاتۆریەت و سەرکوتی ئازادی بشوبهێنێت و وێنا بکات، یادکردنەوەی لینین دەبێ لەلایەن کۆمۆنیستەکان و بزوتنەوەی کرێکاری و بزوتنەوەی ئازادی و عەدالەتخوازیەوە ببێتە وەبیرهێنانەوەی نەخشی ڕابەری ئەو، گێرانەوەی دەرس و تەجروبەکانی، بەدەستەوەگرتنی میتۆدو پراکتیکی کۆمۆنیستی، گێرانی سمینارات و کۆڕوکۆبونەوە، وەرگێرانی هەرچی زیاتری بابەت و نوسراوەکانی، نیشاندانی نەخشی شوراکان و وەرگێرانی یاسای ئەساسی شوراکان تا بزانرێت لەیەکەمین ڕۆژی دەسەڵاتی چینی کریکاردا چی کرا بەیاسا و کۆمەڵگا چۆن ڕێکخراو ماف و داخوازیەکانی چینی کریکارو تەواوی دانیشتوان چی بەسەرهاتووەو چەند ڕێکخراوە. وە پێکهنانی حزبی لیننی و ... هیوادارم  یادی لینین کۆمەڵگا دابگرێت و هەموو کەس ئەم یادە بە بەدەستەوە گرتنی کێوێك لە سەرمایەی سیاسی و خەباتکارانەی لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، یادی ئەم رابەرەی چینی کریکار بکەنەوە، ڕابەرێك کە هەر ئێستا کۆمەڵگای بەشەری پێویستییەتی.

2008-1-16